**هونەرمەند مامۆستا زرار رواندزی لە دیدارێکی هونەریدا**

# من "36"ساڵە بەرەنجو بە پارەی مامۆستایەتی خۆم خزمەتی هونەری کوردی دەکەم

## بەشی دووەم

**دیداری: محەمەد گەلاڵەیی_رواندز**

مامۆستا وهونەرمەندی گەورەی رواندوزوکوردستان "زرار محەمەد مستەفا رواندزی "ناسراو بەمامۆستا "زرار رواندزی "لەدایك بووی 1937ز. شاری رواندزە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بڕیوە، تا خوێندنی ئامادەیی تەواودەکات لەشاری هەولێر لە 1958 و پاش دەرچوونیشی ڕاستەوخۆ دەبێتە مامۆستای سەرەتایی، بۆماوەی سێ ساڵ مامۆستایەتی کردووە لە دەڤەری باڵەکایەتی لە گوندی "ڕایات"وپاش ئەمەش دەگەرێتەوە شاری رواندزوخەریکی خۆ فێرکردنی مۆسیقا وهونەرەکانی تردەبێت، لەسەر دەستی "سەردار بێ بەخت "فێری کاری مۆسیقا دەبێت، لە ساڵی 1971ز دەست بەکاری هونەری وبەتایبەتی مۆسیقا دەکات، لەم کاتەشدا تیپی مۆسیقای رواندوزوپاشانیش تیپی مۆسیقای پاشای گەورە دادەمەزرێنن، ئەو تیپە بەردەوام دەبێت لەکارەکانی تا دوای راپەرین کە لەدوایدا لێك هەڵوەشاییەوە تا ئێستا .ئەمەو مامۆستا لەماوەی ئەو "36"ساڵەی کاریکردووە زیاتر لە بیست خولی مۆسیقای درێژخایەن بۆ خولیانی مۆسیقا وئەو کەسانە کردۆتەوە، هەروەها زیاتر لە "بیستوپێنج "شانۆگەری پێشکەش کردووە، چەندانیشی بەخۆی نوسیون‌و دەریشیهێناون، وچەندان پێشانگای هونەری کردۆتەوەو لەگەڵ پێگەیاندنی چەندان شێوەکارووێنەکێشی بەناوبانگی شاری رواندوزوسۆران‌ودەوربەری.کە لەدەقی چاوپێکەوتنەکەشدا ناوی ئەو هەموو هونەرمەندە مۆسیقاروشانۆکاروشێوەکارانە دەبنین، کە لەژێردەستی مامۆستا پەروەردەبووینە، وئێستا هونەرمەندی زۆربەناوبانگن بەتایبەتی لە بواری مۆیسقا کە شوێنیان دیارە لەم سەردەمەدا.وە ئەوەی شایانی باسە تاکە هونەرمەندە لەکوردستان کە سەرۆکی حکومەت"نێچیرڤان یارزانی "خەلاّتی رێزلێنانی دابیتێ‌و، پەیکەریش بۆ کرابێت کە هێشتا نەمردووشە .یەکێك لەو لەکارە پڕ بایەخەکانی مامۆستاشدا نووسینەوەی مێژووی هونەروکرۆنۆلۆژیای شانۆی ئەم دەڤەرەیە لەتوێی کتێبیکدا، ئێستاش ئامادەی چاپە .لێرەدا مامۆستا قسە دەکات لەسەر مێژووی هونەری رواندوزوکارو چالاکیەکانی هونەری‌وچەند مەسەلەیەکی گرنگی ئێستای پرۆژە هونەری‌وگلەییەکانی مامۆستا لە هونەرمەندانی رواندوزو دەڤەرەکەداو ئێستاش ئەندامی لقی کۆمەڵەی هونەری‌و وێژەیی شاری رواندوزە لە رۆژی دامەزراندنیەوە تا ئەمرۆ بە چالاکیەکی زۆر خزمەتی بە کۆمەڵە کردووە، بۆیە وەك رۆژنامەنووسێکی دەڤەرەکە دیمانەیەکی تایبەتی دورودرێژم لەگەڵی ئەنجامدا.

*محەمەد: با لەوە گەڕین‌و بۆ ژنی شێوەکار لە کوردستان کەمەو بەتایبەتیش لە سۆران‌و رواندوز هەر نییە، یاخود تاقە کچێك لەم رواندوزەدا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکاندا نییە بۆ؟

*مامۆستا زرار: ئەوەی راستی بێت ئێمە زۆر هەوڵمان دا ، کچی هونەرمەند لەو بوارەدا پێبگەێنین‌و لە قوتابخانەکانیشەوە سوود وەربگرین، بەلاّم نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك، لایەنی

تریش هەیە وەکو ئاینی دەورێکی باڵای هەیە، لەهەمان کاتیشدا کچی کورد لەماڵەوە لە زیندانێك دایە، گوناهە کچ دەست بکاتە وێنەکێشان‌وببێتە شێوەکار، نەبوونی کچیش لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئەویش هەر هۆکارێکی کۆمەڵایەتی‌و عەقڵیەتی کۆنە لە دیارکەوتنی ئەو شتە شازانە.

*محەمەد: سەبارەت بە کۆمەڵەوهونەری وێژەیی رواندوز، هیچ رێکخراوێکی بیانی هاوکاری مادی کردوون، یاخود ئێوە داواتان لێکردبن؟

*مامۆستا زرار: وەکو رێکخراوی بیانی بەڕەسمی نا هیچ یارمەتێکیان نەداوین، بەڵام وەکو پەیوەندی کەسایەتی یارمەتی زۆریان داوین وەکو رێکخراوی (dai)کە بەرێز"د.دارا "یارمەتی کۆمەڵەوهونەری وێژەیی رواندوزیاندا، ئامێری مۆسیقیان بۆکرین‌و لەگەڵ کۆمپیوتەرو هەروەها چاکردنی ستۆدیۆوهۆڵی کۆمەڵە .بەبڕی(47000)دۆلار.وهەروەها "د.ئەسعەد خەیلانی‌و منداڵەکانی حاجی کەریم‌و..هتد کە ئەمانەش ئامێری مۆسیقی‌وکۆمپیوتەروچاکردنەوەی بارەگای کۆمەڵە لە ئەستۆی خۆیان گرت .

*محەمەد: وەزارەتی رۆشنبیری هاوکاریتان دەکات.

*مامۆستا زرار: بەڵێ هاوکاریان کردووینەولەکاتی کردنەوەی پیشانگای هونەری‌و چالاکیەکانی کۆمەڵە‌و بوارەکانی مۆسیقاو یارمەتیمان ئەدەن.

*محەمەد: ئەو خوێندکارانەی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەردەچن پەیوەندیان لەگەڵ تۆو کۆمەڵەدا چۆنە؟

*مامۆستا زرار: بەداخەوە ئەوەی فێریش بووینە لە بیریان چۆتەوە، هەموو شتێك ئەکەن تەنیا کاری هونەری نەبێت، هەرهەندە بڕوانامەکەیان وەرگرت ئیتر

تەواو کاریان بەسەر هونەرەوە نامێنێت، دە وەرە بابزانین جەنابت چی فێر بووی، وەرە ئەو هەمووئامێرە مۆسیقیانەمان هەیە، بۆ نای‌و تا ئەوەندەیان پێدەڵێم کە شەرم لەخۆیان بکەنەوە، هەروەها لەلایەکی تریشەوە پەیوەندیان لەگەڵ ئێمە پچراوە چونکو ئەو خوێندکارانەی دەردەچن راستەوخۆ بەمامۆستا لە گوندە دوورەکان دادمەزرێن، ئەمەش وادەکات هەم پەیوەندیان لەگەڵ ئێمە لاوازبێت‌و بەاتیبەتیش لەگەڵ هونەرەکەیان.

*محەمەد: پێتواییە پەیمانگای هونەرە جوانەکان هونەرمەند پێدەگەیەنێت.

*مامۆستا زرار: نەخێر :لەبەرئەوەی ئەوان بە ئێمە دەڵێن ئێمە هونەرمەند پێناگەیێنین، بەڵکو مامۆستای هونەرمەند پێدەگەیەنین، کەچی نەك مامۆستا بەڵکو نەیان توانیوە فێری رۆحیەتی هونەریشیان بکەن.هەروەها منافەسەی ناوەخۆیی ونزمبوونەوەی ئاستی زانستی‌و زانیاری هونەریان .لەلایەکی تریش کە هونەرمەند پێناگات لە پەیمانگا دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی هەر خودی خوێندکاری پەیمانگایە دەبێتەوە مامۆستای پەیمانگا، بەمەش دیسان ئاستی زانستی دادەبەزێت‌و لەهەمانکاتیشدا ئەوانەی دەبێ دەرس بڵێنەوە لە پەیمانگا بەلای کەمەوە دەبێت خاوەن ماستەری بێت لە هونەروبوارەکانیدا.

*محەمەد: هەست ئەکەین ڕۆڵی هونەر بەلاوازی دێتە بەرچاو، کەچی دەنگوباسی ئەوە هەیە پەیمانگا هونەرە جوانەکان یاخود ئەکادیمیای هونەر بکرێتەوە، لە شاری "رواندوز"ئەمە راستە؟

*مامۆستا زرار: بەڵێ: پەیمانگا دەکرێتەوە وەکو مامۆستا "محەمەد عارف "پێ ڕاگەیاندم کەوا لە ژێر لێکۆڵینەوەدایەو لەم نزیکانە قسەی بەتەواوی لەسەر دەکرێت، بێجگە لەوەش ئێمە زۆر هەوڵماندا کە"زانکۆیەکی ئەمریکی "لەو شارەدا بکرێتەوە، بەهاوکاری "دکتۆر ئەسعەد خەیلانی "لەئەمەریکا، بەلاّم لایەنێکی تر ئەم هەلەی بۆ خۆی قۆستۆوە.لەبەرئەوەی ڕواندوز شایستەی ئەو پەیمانگاو زانکۆییە کە رواندوز خزمەتی هونەروشارستانیەتی کوردی کردووە لەسەردەمێکی زووەوە.

*محەمەد: ئەگەر ئەو پەیمانگایە کراییەوە، ناوی "پاشای گەورە "یا "رواندوز "بێت؟

*مامۆستا زرار: پێم باشترە ناوی "رواندوز"بێت، چونکو خەریکی ناوی "رواندوز "وون دەبێت.

*محەمەد: ئایا تا چ ڕادەیەك ئەکادیمیەت‌ونا ئەکادیمیەت ڕۆڵ دەبینن لە بواری هونەردا؟

*مامۆستا زرار: نەخێر: هونەرمەند بە بڕوانامە ناپێورێت، بەڵکو بە بەهرەوتوانای خۆی، ئەوجا بڕوانامەکەی دەبێتە پاڵپشتی بۆ ئەوەی پەرە بەخۆیبدات، بەلاّم بەداخەوە زۆرم پێناخۆشە کە کاتێك خوێندکارێك یا هونەرمەندێك دەبێتە خاوەن شەهادەیەکی ئەکادیمیی، ئیتر خۆی بەکەس نادات، لەهەمان کاتیشدا خۆی پەروەردەناکات‌و ئیتر ئەمانە دوائەکەون‌و خەڵکانی تر دێنە پێشەوە، ئەمانەی تازەش دەبنە هونەرمەنی چاك وچالاکن چونکو زۆر پەرە بەخۆ ئەدەن‌و بڕوانامە ناکانە پێوەر بۆ کارەکانیان تەنیا بەهرە وچالاکیەکانیان نەبێت، ئەمەش زۆر گرنگە.

*محەمەد: لە 20/8/2005لە لایەن سەرۆکی حکومەت خەلاّت کرای، تەنیا تۆ شایستەی ئەم خەلاّتە بوویت، یان کەسانی تریش هەن کە پێویستە خەلاّت بکرێن.

*مامۆستا زرار: گەلێگ کەس هەن لە رواندوزو ئەوانەی ئێستاش، شایستەی ڕێزلێنان‌و پێویستە خەلاّت بکرێن، لەوانەش "شاکر سابروفوئادمحەمەدو سیروان عومەر "بەراستی ئەمانە زۆر ماندوو بووینە، بە پێشخستنی هونەر لە رواندوزو کە لەسەرەتای حەفتاکانەوە لەگەڵ ڕێرەوی کاری هونەریدا رۆویشتونە تا سالأنێکی زۆر، بەنسبەت خۆشمەوە ئینسان خۆشە کە کەسانێك هەبن لەسەردەمی خۆتدا حوکمڕان بن‌و، ڕێز لە هونەرو ماندووبوونی خەڵك بگرن خەلاّتت بکەن، کە دەبینین هونەرمەندانی "رواندوز "ململانێیان لەگەڵ چیای "هەندرێن " کردووە .

*محەمەد: ئایا ئەو خەلاّتانەی دراوەتە جەنابت، تاچەند کاریگەریان هەبووە لەسەر کارەکانتدا ؟

*مامۆستا زرار: من بەش بەحالّی خۆم هەر کارێکم کردبێت، رۆژێك لە رۆژان چاوەروانی پاداشت‌و مادە وەرگرتن نەبوویمە، بەڵکو ویستومە خزمەتی میللەتەکەم‌و شارەکەم بکەم وهونەری کوردی‌و کلتورەکەی پێشبخەم‌و وێژدانی خۆممی پێ ئاسودەکەم، بۆیە من ئەوا "36"ساڵە بەرەنج‌وشان‌و بەپارەی مامۆستایەتی خۆم خزمەتی هونەری کوردی دەکەم .

*محەمەد: بۆچی تا ئێستا هیچ ڤیستیڤاڵێکی مۆسیقاوهونەروئەدەبیات لە رواندوزدا نەکراوە؟

*مامۆستا زرار: بەنیازین ڤیستیڤاڵێکی گەورەی مۆسیقاو هونەرەکانی تر بکەین، تێدا بانگهێشتی هەموو تیپە مللیەکانی کوردستانی گەورە بکەین، ئەمەش دەبێت بەهەماهەنگی وەزارەتی رۆشنبیری بکرێت، بەلاّم ئێمە دوو کێشەمان هەیە .یەك :لایەنی مادی کە زۆر لاوازین لەم لایەنەوە .دوو :شوێنی حەوانەوەی میوانەکان بەڕاستی تا ئێستا ئێمە میوانخانەمان لە

رواندوز نییەو ئەو هەموو میوانەی ڤیستیڤاڵیش بێت، لە کوێ شوێنی نوستن‌و حەوانەوەی ڕۆژانەیان بۆ دابین بکەین؟ بۆیە گەر ئەم دوو کۆسپە نەبێت لە مێژبوو، ڤیستیڤاڵی لەم چەشنانە دەکرا.

*محەمەد: کەسێك بەناوی "زەینەل خەیری "لە هەفتەنامەی "زاری کرمانجی "مێژووی شانۆگەری ئەو دەڤەرە دەنووسێتەوە، ڕات چییە، لەبەرامبەریداوتاچەند ئەکادییمیە؟

*مامۆستا زرار: کاکە گیان "زەینەل خەیری "ئەوەندەیە دێت تەنیا شتەکان لەمن وەردەگرێت، هەروەها لە وی ترو ئەوی تریش شتەکان کۆدەکاتەوەو زانیارییەکان وەردەگرێت، ئەگینا "زەینەل خەیری "هیچی پێ نییە، تا مێژووی شانۆگەری ئەم دەڤەرە بنووسێتەوە.

*محەمەد: بەهەر حاڵ بەڕای جەنابت هاندەر دەبێت بۆ نووسنەوەی مێژووی هونەرەکانی تری ئەم دەڤەرە.

*مامۆستا زرار: کارەکانی زۆر ئەکادیمیی نییە، تەنیا لە ڕووی ئەرشیف کردنی شانۆگەری ئەم دەڤەرەدایە، با بڵێن وەکو کرۆنۆلۆژیایەکی هونەری‌و شانۆیی واییە، منیش بۆ خۆم ئەو شتانەم کردووە هاتوومە هەموو ئەو شانۆگەریانەی کراوە تۆمارم کردوونەو ئەوەی منیش وەکو کرۆنۆلۆژیایێك وایەو چۆتە قاڵبی کتێبەوە، لەهەمان کاتیشدا ئامادەی چاپە، بەڵام ئەم ئەرشیف کردنەی مێژووی شانۆگەری ئەم ناوچەیە پێویستی بە شیکاری پسپۆرانی بواری شانۆگەری هەیەو پێویستیشە لێکۆڵینەوەی زانستیانەیان لەسەر بکرێت.

*محەمەد: مامۆستا کەتۆ دەڵێی من ئەم کرۆنۆلۆژیایەی شانۆم نووسیوەو لە قاڵبی کتێبدایە، تا ئێستا کەس ئامادەیی دەربڕیوە بۆ چاپکردنی کتێبەکەت؟

*مامۆستا زرار: بەڵێ بە سوپاسەوە بەڕێز "ئازاد جوندیانی "ئامادەیی دەربڕیوە، بۆ ئەنجامدانی چاپەکەی، لەلایەکی تریشەوە دەزگای "ئاراس "ئەوانیش ئامادەیان نیشانداوە بۆ لە ئەستۆ گرتنی چاپی کتێبەکە .

*محەمەد: لە ئەکادیمیاوبوارەکانی ماستەرودکتۆرا کەس سوودی لێبینووی یاخود ڕێنیشاندەریان بیت لە توێژینەوەکانیاندا؟

*مامۆستا زرار: زۆر کەس وخوێندکاری ئەکادیمیای هونەر لە بوار خوێندنی باڵا هاتوونەتە لام بۆ پرس پێکردن‌و دانی زانیاری لە بواری مۆسیقاو شانۆ، وهەروەها تا ئێستا زۆرێك لەوانەی بواری مۆسیقا کە چوار خوێندکاری ماستەری مۆسیقا بوون هاتوونەتە لام، منیش ئەوەی پێم کراوە کارم لەگەڵ کردوون‌و یارمەتی باشم داون.

*محەمەد: لە کۆتاییدا هونەر بەگشتی لە ئایندەی شاری ڕواندوزوسۆران چۆن ئەبینی؟

*مامۆستا زرار: ئایندەی هونەر بەگشتی لەو دەڤەرەدا زۆر بە لاوازی دەبینم‌و هێشتا خەڵك لەوانەش مۆسیقا بەتەواوای لێتێنەگەیشتوون، تەنیا ئەوەندە ئەزانن کە کچێك بێت‌و دوو کەسیش مۆسیقا بژەنن‌و دەست بەگۆرانی ووتن بکەن، ئەمەش کارێکی سلبی کردۆتە سەر بواری مۆسیقا لە دەڤەرەکەدا، لە شانۆشدا کەسی ئەکادیممان نییە وبۆیە شانۆش زۆر دواکەوتووە، لەهەمانکاتیشدا خەڵکی نییەو کەس هاندەری نییەو بەتایبەتیش هۆڵی "نمایشی شانۆ"مان نییە.ئەم بوارەش زۆر لە بەرەو پێشڤەچوون دانییە، سەبارەت بە شێوەکاریش ئەویش

بەهەمان شێوەی هونەرەکانی تر، ئەمەیان لە هەموویان خراپترەو کەس خۆی لێ ناداتو بەگشتی هونەرەکان زۆر دواکەوتوونو پێویستیان بە رۆحیەتێکی تازەو شێوازێکی کارکردنێکی باشو کەش وهەوایەکی خۆشتر گەرەکیەتی.

*محەمەد: زۆر سوپاست ئەکەم مامۆستا گیان زۆرم ماندووی کردووی بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم.

مامۆستا زرار: شایانی نییەو منیش سوپاسی ئەو سازادانی ئەو هەڤپەیڤینە هونەریەت دەکەم.

تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنە بەهاوکاری هاورێی خۆشەویست ''سەدیق سەعید رواندوزی''کراوە.